ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
104
10 ی ئازار/ مارسی 2025



## ئەنفالی عەلەویەکان!

ئەو گرتە ڤیدیۆیانەی لەسەر تۆرە کۆمەڵایەتیەکان لەلایەن خودی چەکدارانی هەیئەی تەحریری شام (هەتەشە)ەوە بڵاودەکرێنەوە، کە چۆن هاوڵاتیانی مەدەنی سوری سەر بە تائیفەی عەلەوی، خوێنساردانە لەناو ماڵەکانی خۆیان دەردەهێنن، سوکایەتیان پێدەکەن و دواتریش کۆمەڵکوژیان دەکەن، کەولەپەلەکانیان تاڵان دەکەن و ئاگر لە ماڵەکانیان بەردەدەن ، ویژدانی هەر مرۆڤێک، کە یەک تۆسقاڵ ویژدانی مرۆڤایەتی تیدا بیت و لە بەها مرۆڤایەتیەکان دانەماڵرابێت، بەتووندی ئازار دەدات.

ئەگەرچی ئەحمەد شەرعی سەرۆکی تیرۆریستانی هەتەشە ئەو تاوانانەی بە کاری فەردی هەندێ چەکدار ناوزەد کرد و گوایە لیژنەیەکی پێکهێناوە بۆ لیکۆڵینەوە لە پێشێلکاریەکان، بەڵام ئەوەی رویدا، نەک کاری فەردی چەکدارە تیرۆریستەکان نەبوو، بەڵکو وەڵامدانەوە بوو بەو " نەفیر عام"ەی ئەحمەد شەرع پێش لەو رووداوانە، ئاراستەی هێزو گروپە تیرۆریستیەکانی لایەنگری خۆی و حکومەتە

بۆ لاپەرە ٢



## بانگەشەی ئاشتیەکی ئاڵۆز

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەرە ٣

## چالاکی ڕێکخستنەکانی حزب بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان
## لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان



بۆ لاپەرە ٥



## وتاری دەشتی جەمال لە مەراسیمی ٨ی مارسی لەندەن

بۆ لاپەرە ٨

## ناوەندیکردنەوە یا فیدراڵیەت، لەئایندەی حکومەتی سوریادا!

عوسمانی حاجی مارف.......... لاپەرە ١١

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی...............ئەنفالی عەلەویەکان!

داعشیەکەی کردبوو بۆ پاکردنەوەی چەکدارە پاشماوەکانی ئەسەد لە ناوچە کەناردەریاییەکانی سوریا کە دانیشتوانەکەی زیاتر سەر بە تایفەی عەلەوین! چەکدارە تیرۆریستەکانیش بەناوی پاکردنەوەی چەکدارە یاخیبوەکانەوە دەستیان لە ژن ومناڵ و پیرو لاوی عەلەوی نەپاراست و بە دڵنیابوون لە بەرهەقبوونی کارەکەیان و بە شانازیشەوە ڤیدیۆی تاوانەکان و کۆمەڵکوژیەکانیان دەگرت و لەسەر سۆشیال میدیا بڵاویان دەکردەوە!

بەپێی ڕاگەیاندنی "ڕوانگەی سوري بۆ مافەکانی مرۆڤ" کە بنکەکەی لە بەریتانیایە،٨٤٠ هاوڵاتی مەدەنی عەلەوی، کە ژن و منالّیشی تیدایە، بەپێی بەڵگەی تۆمارکراو، لەلایەن تیرۆریستانی ئەحمەد شەرعەوە کۆمەڵکوژکراون. سەرەڕای ئەوەش سەدان هاولاتی دیکە کۆمەڵکوژ کراون کە هێشتا بەڵگەکانیان تۆمارو پشتڕاست نەکراوەتەوە.

میدیا عەرەبیەکانی سەر بە سعودیەو قەتەر، کە دوو دەوڵەتن لەپشتی حکومەتەکەی ئەحمەد شەرعی تیرۆریستەوە ڕاوەستاون، بەتایبەتی کەناڵی جەزیرە، بێشەرمانە چاوی خۆیان لەئاست ئەو تاوانکاریانەدا نوقاندوەو باس لە سەرکەوتنەکانی سوپاکەی شەڕع دەکەن بەسەر پاشماوەکانی ئەسەد دا!

ئەحمەد شەرع و ڕێکخراوە تیرۆریستیەکەی، کە بەدەستگرتنی تورکیاو سعودیەو قەتەر، وە لە ڕێکەوتنێکی نیوان روسیاو تورکیاو ئێران و قەتەردا و بەرەزامەندی ئەمریکا، کورسی دەسەڵاتی سوریای پێشکەشکرا، بە داکەندنی جلوبەرگە جیهادیەکەی و لەبەرکردنی قات و بۆیبناخ، ئەرکی سەرکردایەتی دامەزراندنەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی لەو وولاتە لەدووای روخانی دەسەلاتەکەی بەشار ئەسەدەوە پێسپێردرا. ئەمریکا کە بڕی ١٠ ملیۆن دۆلاری وەکو خەڵات بۆ سەری ئەحمەد شەرع( محمم جۆلانی) تەرخانکردبوو، ناڕاستەوخۆ کەوتە گفتوگۆکردن لەگەڵیدا. دەوڵەتانی ئەوروپا بە هەڵەداوان بەرەو دیداری سەرۆکی تازەی سوریا ریزیان بەست. دەوڵەتانی تورکیاو قەتەرو سعودیە بە پارەو ناردنی راوێژکاری سیاسی و ئیداری هەوڵیان دا جۆلانی جیهادی بکەنە پیاوی دەوڵەتداری و دیپلۆماسی! ئێستاش بەرامبەر بەو تاوانی کۆمەڵکوژیە، یان بە بێدەنگە لێکردن، پشتیوانی خۆیانی بۆ دەردەبڕن، یاخود بە سەرکۆنەکردنێکی شەرمنۆکانە داوا لە شەرع دەکەن لێکۆڵینەوە لە پێشێلکاریەکان بکات!

بەڵام دۆخی سوریا لەوە ئاڵۆزترە کە جۆلانی بتوانێ بە گۆڕینی ناوی خۆی و لەبەرکردنی قات و بۆینباخ و گۆڕینی ناوی هێزو گروپە تیرۆیستیەکانی خۆی و هاوپەیمانەکانی، بۆ سوپای یەکگرتووی سوریا و کۆنترۆڵکردنی دامەزراوە ئەمنی و هەواڵگریەکان و بە کۆکردنەوەی سەرکردەکانی چەند گروپی ئیسلامی تیرۆریست و ئەنجامدانی کۆنفرانسی نیشتمانی و کردنی خۆی بەسەرۆک کۆماری سوریا و.... تاد. ئەو دۆخە تێپەڕێنێت و جێگیری سیاسی و ئەمنی، بەپێی بەرنامەو ستراتیژی خۆی و هاوپەیمانە ناوچەییەکانی، لە سوریادا بەرقەرار بکات. چەندین دەوڵەت، لەسەر ئاستی جیهانی و ناوچەیی، کە بەرژەوەندی جیاوازو ناکۆکیان هەیە، لوتیان ژەندۆتە ناو دۆخی سوریاوە و هەریەکەیان بە ئاراستەیەکدا ڕایدەکێشن.

ئێران، وەکو هێزێکی ناوچەیی کاریگەر، کە لە گۆڕانکاریەکانی سوریادا زەبری کوشندەی بەرکەوت، بەو ئاسانیە سوریا بۆ شەرع و هاوپەیمانەکانی جێناهێڵێت. ئەو شەڕ و پێکدادانانەی لەنێوان چەکدارەکانی پاشماوەی بەشارد ئەسەد و هێزە ئیسلامیەکانی سەر بە حکومەتی شەرع لە رۆژانی رابردوودا ڕوویدا، سەرەتای ئەو ململانێ و روبەروبونەوەیە کە ئێران نەخشی گرنگی تێدا هەیە. ئەحمەد شەرع، لەڕێگای کۆمەڵکوژکردنی هاوڵاتیانی مەدەنی سەر بە تایفەی عەلەویەوە، ئەو پەیامەی بۆ ئێران نارد کە هەرجۆرە هەوڵێک بۆ رێگری دروستکردن لەبەردەم ئەو ئەرکەی پێیسپێرداوە، بە دڕندانەترین شێوە وەڵام دەداتەوە. هاوکات پەیامێکیشی بۆ هەموو ئەو گروپە سیاسی و چەکدارانە نارد کە لەدەرەوەی دەسەلاتەکەیدا ماونەتەوە، کە ئەگەر مل بە بڕیارەکانی نەدەن، ئەوا سڵ لە ئەنجامدانی تاوان و کۆمەڵکوژی ناکاتەوە بەناوی پاراستنی یەکپارچەیی سوریاو دەسەڵاتی یاساو سەقامگیری دەوڵەت! ئەو هێزەی کە لەپێش هەموانەوە پەیامەکەی وەرگرت، هەسەدە بوو لەڕێگای سەرۆکەکەیەوە، مەزڵوم عەبدی، رێکەوتننامەیەکی لەگەڵ ئەحمەد شەرعدا واژۆکرد بۆ تێکەڵکردنی سەرجەم دامەزراوە سەربازی و مەدەنیەکانی ناوچەکانی ژێردەسەلاتی هەسەدە لەگەڵ دامەزراوەکانی دەوڵەتی سوریادا و پشتیوانیکردنی حکومەت بۆ شەڕ دژی پاشماوەکانی ئەسەد!

★

ئۆکتۆبەر
ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
سەرنوسەر : موحسن کەریم

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

بۆ پەیوەندیگرتن: ڤایبەر و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135
ئیمێڵ: Muhsin_km@yahoo.com

ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.infinityfreeapp.com/?i=3
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووك: October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

# بانگەشەی ئاشتیەکی ئاڵۆز

## عوسمانی حاجی مارف

لەم دۆخەدا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاڵۆگۆڕکی سیاسی بە خۆوە دیوەو پێشبینی ئاڵۆگۆڕی زیاتریش دەکرێت، ململانێکان لە ئاستێکی باڵادا نمایش دەکرێن و هاوسەنگی و هێزەکان و بەرژوەندیەکان ڕۆژانە سیناریۆیی جیاوازمان دەخاتە پێش چاو، ڕوداوەکان چاودێریەکی ورد دەخوازێت، ئەگەرەکان پەرشوبڵاون، یاری لایەنەکان سەرنجراکێشن، پلانەکان و دەخالەتەکان جەماوەریان وەک تەماشاکەرێک لە چاوەڕوانیدا ڕاگرتووە، ئاڵۆزیەک وێنا دەگرێت، کەکاتی کۆتایی ئەم یاریە نادیارەو ئاکامەکانی نارۆشنە و نەزانراوە کێ یاریەکە دەباتەوە، ناوچەکە لە دەورانێکی ئاڵۆزو ناجێگیر و سەگەردانیدایە، لەمێژوی ژیانی بەشەریەتدا کارەساتەکان و قوربانیەکانی بێوێنەن.

بەجیا لە گۆرانی تارادەیەکی هاوکێشەی سیاسی کە لە ئێستادا بە قازانجی تورکیایە و پاشکشەیە بە ئێران، بەڵام مانای ئەوە نیە مەیدانەکە بۆ تورکیا خاڵیەو دەتوانێ چی دەوێت ئەنجامی بدات، لەم ناوچەیە کە بەرژوەندی سیاسی و پلانی جیاوازی تیا نمایشدەکرێت، ئۆروغان لە بەرامبەر هەڵبژاردەی نێو جەنجاڵیەکی بێوێنەدا قومار دەکات، لەلایەک لە بەینی ڕێکەوتن یا شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل تیاماوە، لەلایەکی ترەوە دەخالەتی لە چونیەتی ڕێکخستەوەی حکومەتی سوریا نەک لەبەرامبەر ئیسرائیل بەڵکو لەبەرامبەر فەرەنساو ئەڵمانیا و یونان... کێشەی هەیە.

بەمانایەک دیارنیە تورکیا لە نێو ئەم ململانێیەێ کە هەوڵەدات لە ناوچەکەدا ڕێگایەک بۆ چارەسەری قەیرانەکانی پەیدا بکات، دەتوانێ سەرکەوتوبێت!. بەتایبەتی کەلە زۆرلاوە ئاستەنگی بۆ دێتە پێشەوە، ناچار بووە سوکانی جوڵەی نەخشە سیاسیەکانی ئاشتەوایی لەگەڵ ئۆجەلان و پەکەکە بخاتە دەستوری پلانەکانیەوە، ئۆردغان جگە لەوەی ناسیۆنالستێکی فاشست و ئیسلامیە، هیچ کات ئاشتی خوازنەبووەو نیەو نابێت، بەجۆرێک پێویستی بە بانگەشەی ڕاگەیاندنی ئاشتیە بەڵکو ڕێگاکانی دەخالەتی لە ناوچەکەدا بۆ ئاواڵەترکات!. هەروەها بەکارهێنانی شێوازی ترە لە فشار بۆ سەر ئۆجەلان و پەکەکە، کە داوای کۆتایی هەڵسورانی چەکداری و هەڵوەشانەوەی حزبەکەیان دەکات، بێ ئەوەی چۆنیەتی چارەنوسێکی دیارکراو بۆ ئایندەی پێکەوەژیانی 'کورد و تورک" ساغکاتەوە.

ئۆروغان گەر بەهەر نرخێک و کارەساتی ئینسانیش بێت، جگە لەوەی لە هەوڵی هەڵسانەوەی تورکیایە لە قەیرانە ئابوری و سیاسیەکانیدا، لە هەمانکاتدا لە هەوڵی ئەوەدایە مانەوەی لەدەسەڵاتدا جێگیرکات.

هەڵبەتە ئەردوغان جگە لە پلان و دەخالەتی لە ناوچەکەدا لە هەمانکاتدا ئەوەشی بە هەند وەرگرتووە کە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی تورکیا لە ساڵی ٢٠٢٨ ئەنجام دەدرێت و ئەردۆغان ناتوانێت خۆی کاندید بکاتەوە، بۆیە دەبێت دەستوور هەموار بکاتەوە، بۆئەم پلانەش پێویستی بە دەنگی کورد و هاوپەیمانی پارتی دیموکراتی گەلی کورد هەیە، چونکە لەم بارودۆخەی ئێستادا کوردەکان پشتیوانی لە ئۆپۆزسیۆنی تورکیا دەکەن کە "پارتی کۆماری گەل (جەهەپە)یە" و دیمان کە لە دوایین هەڵبژاردنیشدا پارتەکەی ئەردۆغان بە جیاوازییەکی زۆر کەم سەرکەوت و شارەوانیەکانی لە زۆرێک لە شارە گەورەکاندا دۆڕاند. بۆیە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا مەترسی زۆر هەیە بۆ ئەوەی ئەردۆغان و پارتەکەی بە تەواوی لە دەسەڵات لە تورکیا دووربخرێنەوە. هەروەها دۆخی ئەوپەڕی گرینگی ئابووری تورکیا و تێچووی گەورەی شەڕ لە بەرە جۆراوجۆرەکانی ناوخۆ و دەرەکیدا، ئەردۆغانی ناچار کرد ئەمجارە لە ڕێگەی حکومەتی باخچەلییەوە قسە بکات، بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی بۆ ئەوەی هەم دڵنیاکردنی ناسیۆنالیستەکان و هەم ڕاکێشانی کوردەکان بەدەست بهێنێت.

باخچەلی کە پێشتر دژی دەستپێکردنی دانوستانی نوێی ئاشتی نێوان پەکەکە و حکومەتی تورکیا بوو، بەم جۆرە لێدوانانە نیشانیدا کە نەتەوەپەرستترین لایەن لە ئەنجومەنی پەرلەماندا ئامادەیە بۆ دانوستان بۆ ڕێکخستنی ئەم پرسە لە ڕێگەی پەرلەمانەوە. پارتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی مەهەپە کە هاوپەیمانی پارتی داد و گەشەپێدانی ئەردۆغانە، پارێزانێکی سەرەکییە لە هاوپەیمانی دەسەڵاتدا، ناچارن لەم دۆخەدا سیناریۆیەک بەناوی ئاشتیەوە نیشان بدەن.

باخچەلی ئاماژەی بەوەداوە کە " ڕەنگە هەوڵەکانی ڕێڕەوی مێژوو بگۆڕن و کۆت و بەندەکانی تورکیا بشکێنن، بۆیە دەبێت هەموو پرسێک و هەموو قەیرانێک لە پەرلەمان بوروژێنرێت و پێویست دەکات چاکسازی دیموکراسی ئەنجام بدرێت بۆ وەڵام بەنیگەرانیەکانی هاووڵاتیانی کورد!.

لە کاتێکدا کەس نەیدەویست گفتوگۆ و دانوستان لە نێوان عەبدوڵڵا ئۆجەلان و پەکەکە دەستپێبکات. پەکەکە هیچ هیوایەکی بە حکومەتی تورکیادا نەبوو، تا ئەو کاتەی دەڤلەت باخچەلی، سەرۆکی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکیا، لە کۆبوونەوەی هەفتانەی کۆمیسیۆنی پارتەکەی لە پەرلەمان، ڕایگەیاند "با ئۆجالان بێت و لە پەرلەمان قسە بکات". "ئەوە ڕاگەیەنێت کە تیرۆر بە تەواوی کۆتایی هاتووە و ڕێکخراوەکەی هەڵبوەشێنێتەوە". هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد، "ئەگەر ئۆجەلان وتارێکی لەو شێوەیە پێشکەش بکات، ڕەنگە ڕێگەیەک هەبێت بۆ ئەوەی لە زیندان ئازاد بکرێت".!

لە ڕاستیا وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد فاکتەری گرنگ و نوێ لەسەر ئاستی ناوچەکە سەریان هەڵداوە. دۆخەکە لە وڵاتانی دەوروبەری تورکیادا گۆڕاوە، لەوانە سوریا، لوبنان و عێراق. لەم بارەیەوە ئیسرائیل و ئەمریکا پلانیان بۆ ئەو وڵاتانەو ناوچەکە هەیە کە هیچ جێگایەک بۆ تورکیا دانانێن. بوونی کوردە چەکدارەکانی سوریا لەسەر سنوورەکانی تورکیا، کە ئەمریکا و ئیسرائیل پشتیوانیان لێدەکەن، بەربەستێکە بۆ پلانەکانی تورکیا، بۆیە هاوکات دیمشق و تورکیا لە هەوڵی ئەوەدان کە ئەو هێزە کوردیانە چەکدار بکرێن و یان بیانکەنە پاشکۆی هێزەکانی سوپای نیشتمانی سوریا، چونکە حکومەتی ناوەندی سوریا و دەسەڵاتدارانی ئەنقەرە هەموو ئەمانە بە هەڕەشە بۆ سەر خۆیان دەزانن، ئەنقەرە بەناوی ئاشتەوایەوە دەیەوێت پێگەیان لاوازکات. ئەمەش تا چەند دەتوانێ لەلایەن ئەمریکاو ئیسرائیلەوە قەبول کرێت، پرسیارێکە لە چۆنیەتی سەوداومامەڵەیاندا وەڵام وەردەگرێتەوە.

دواجار پەیامەکە ئۆجەلان خوێندرایەوە بە خێرایی لە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە سەرانسەری جیهاندا ڕەنگدانەوەی هەبوو، ئاستی نارۆشنی پرۆسەکەو شێوازی مامەڵەی ئۆروغان و باخچەلی و شێوەی پەیامەکەی ئۆجەلان و وەڵامی پەکەکە، لێکدانەوەو بۆچونی جیاوازی خستۆتە ناو میدیاکان و لایەنە سیاسیەکان و جەماوەری خەڵکەوە، لە هیوایی و بێ هیوایی!، لە هەمان کاتدا گومان لەسەر پراکتیکی بوونی ئەو بڕگەیە دروست بووە، کە ئاماژە بە داماڵینی چەک لە باڵی سەربازیی و هەڵوەشانەوەی پەکەکە دەکات.

حکومەتی تورکیا، کە لە ماوەی ڕابردوودا سەرەڕای بەڵێنەکانی هەرگیز دان بە مافەکانی کوردەکان لەم وڵاتەدا نەناوە، ئەم بەناو هەوڵدانەی ئێستاش بۆ ئاشتی پەیامێکی ڕۆشن بەدی ناکرێت کە ڕاشکاوانە دان بە مافەکانی کورد و کێشەی کورد بنێت. تەنانەت بە بیانووی جۆراوجۆر نوێنەرانی یاسایی کوردەکانیان لە شارەوانییەکان و پەرلەمان لە پۆستەکانیان دوور دەخەنەوە و ساڵانە هەزاران گەنج و خوێندکاری کورد دەگرن و دەیانێرن بۆ زیندانەکان، بۆردومانەکانی بۆسەر بنکەکانی پەکەکە نەوەستانووە، هەروەها هێرشەکانی بۆ سەر هەسەدە بەردەوامە.

لە ڕاستیدا پرسی چەکداماڵینی پەکەکە یەکێکە لە ئاستەنگە گرنگەکانی بەردەم پرۆسەی ئاشتی، چونکە لە نەورۆزی ٢٠١٥ ئۆجەلان داوای لە پەکەکە کرد چەکەکانی دابنێت، بەڵام پرسی کۆبانی و دروستکردنی ئیدارەیەکی سەربەخۆی کوردی لەسەر سنووری تورکیا بووە هۆی عەمەلی نەکردنەوەی ئەم پرۆسەیە. هەر بۆیە ئۆجەلان لە ساڵی ٢٠١٥دا نەیتوانی پەکەکە ناچار بکات کە چەک داماڵێت.

هەرچەندە جەمیل بایک ئەندامی ئەنجوومەنی فەرماندەیی پەکەکە لەم دواییانەدا لە چاوپێکەوتنێکدا وتی ئۆجەلان سەرکردەی ئێمەیە و وەڵامی داواکارییەکانی دەدەینەوە، بەڵام پەکەکە گەرەنتی دەوێت. گەرەنتییەک کە چارەنووسی ئۆجەلان و سەرکردەکانی دیکەی پەکەکە دیاری بکات کە ساڵانێکە لە چیای قەندیل دژی تورکیا شەڕیان کردووە.

هەروەها ئایندەی هێزە چەکدارەکانی پەکەکە کە دەوترێت ژمارەیان زیاتر لە چەند هەزارێکە، چۆن دەگەڕێنەوە بۆ تورکیا؟.

خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لە نێو کۆمەڵگای تورکیا لەسەر بنەمای ناسیۆنالستی و شۆڤێنیزم و دەستووری کەمالیستی پەروەردەکراون کە پێیانوایە تەنانەت لە دەستووری تورکیاشدا نابێت دان بە بوونی کورددا بنرێت. لەبنەڕەتدا پێیانوایە نەتەوەیەک نییە بە ناوی کورد، بەڵکو ئەوانە تورکی شاخن، ئەم دابەشبوونە کۆمەڵایەتیە لە تورکیادا پرسێکی ئاڵۆزەو بەئاسانی چارەسەر ناکرێت.

لەم هەلومەرجەداو بەهەر ئاڵۆزیەک وەک سەرەتایەکیش، ئەگەر تورکیا هەنگاوی کردەیی لەم بوارەدا ڕۆشن نەکاتەوە و مافەکانی خەڵکی کوردستان بەرەسیمی نەناسێت و دەستبەجێ بەیانی نەکات، بە متمانەیەکی باوەڕپێکراوەوە بۆ چارەسەرکردنی نیگەرانیەکانی خەڵکی کوردستان مامەڵەیەکی شەفاف و بێئەملاولا و دروست نەکات، کە ئەمەش کە ئەگەرێکی سەختە بۆ ناسیۆنالیستی تورکی دانیان پێدابنێت، ناکرێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە تەنها بە بانگەشەیەکی ئاشتەوایی هەنگاو بە ئاقاری چارەسەری کێشەی کورد دا دەنرێت، وەک ئەوەی بەشێکی زۆر لە لایەنە ناسیۆنالیستەکان قسەی لەسەردەکەن.

ئەمجۆرە ئاشتەواییە بە هەر ئاڵۆزیەکەوە، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و پلانی یەکلایەنەی تورکیا هەنگاوی بۆ دەنرێت و زیاتر مانۆرێکە، کە پەیوەندی بە مافەکانی خەڵکی کوردستان و کێشەی کوردەوە نیە، سەوداو مامەڵەیەکە لەسەرو ئیرادەی خەڵکەوە نەخشەی بۆ داڕێژراوە و کاری لەسەر دەکرێت، ئەگەر هەندێ دەستکەوتیشی بۆ پەکەکە تێدابێت!

# چالاکیەکانی ڕێکخستنەکانی حزب بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان




ئەمساڵ، ڕۆژی ٨ی مارس، جارێکی دیکە جیهان شاهیدی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی فراوانی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز بوو دژی ستەم و چەوسانەوە و جیاکاری بەرامبەر بە ژنان و مامەڵەکردنیان وەکو هاوڵاتی پلەدوو وبێبەشکردنیان لە سەرەتاییترین مافە ئینسانیەکان. لە زۆرێک لە وڵاتانی دنیادا و لە کوردستانیش، چالاکی جۆراوجۆر، بەشێوەی مارشی ناڕەزایەتی و ڕێپێوان و کۆبوونەوەو سیمینار لەلایەن ڕێکخراوەکانی ژنان، سوشیالست، چەپ، ڕێکخراوەکانی پەنابەری و کۆمۆنیستەکانەوە ساز درا. ڕێکخستنەکانی حزب لە ناوخۆی کوردستان و لە دەرەوەش بەشداری چالاکانەیان لەو چالاکیانەدا کردو لە چەندین وڵاتیش چالاکی سەربەخۆی ئەنجام دا.

**کوردستان/ سلێمانی:**

کۆمیتەی ٨ مارس کە پێکهاتوە لە ژمارەیەک ڕێکخراوی ژنان و دوو نوێنەر لە کۆمیتەی سلێمانی حزب، ڕۆژی ٨ ی مارس لەبەردەم باخی گشتی کۆبونەوەیەکی جەماوەری گەورەی سازدا بە بەشداری سەدان ژن و پیاوی یەکسانیخواز. ئەگەرچی بڕیاربوو چالاکیەکە لە سەرای ئازادی ئەنجام بدرێ، بەڵام لەلایەن ئاسایشی سلێمانیەوە ڕێگری لێکراو بەناچاری گواستیانەوە بۆ بەردەم باخی گشتی. لە کۆبونەوەکەدا یاداشتنامەیەک خوێنرایەوە کە لەبەشێکیدا هاتووە: " لەمڕۆی جیهاندا مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و مافەکانی ژنان بەتایبەتی لە دۆخێکی خراپدان، ناسەقامگیری بارودۆخی سیاسی و هەژموونی سیستەمی سەرمایەداری جیهانیان کردووەتە مۆڵگەیەک بۆ بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی، شکاندنی ئیرادەی مرۆڤ و پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکان، بارودۆخی ژنان لەکوردستان و ناوچەکە بەهۆی نادادی، چەوساندنەوەو نایەکسانییەوە بەهەلومەرجێکی دژوار و خراپدا تێدەپەڕێت، ژنان لەژێر فشاری دەروونی وجەستەیدان بەناوی ناموس و نەریتی دواکەوتوو." هەروەها دەڵێت: " ئەمساڵ لەکاتێکدا پێشوازی لە ی مارس دەکەین، کە گۆڕانکاری گەورەی کارەساتبار لەئەنجامی ڕێککەوتنی سیاسیی لەکوردستان و عێراقدا ڕوویداوە، ئەویش هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی عێراقە، کە یاسایەکی کۆنەخوازی دژە منداڵ و دژە ژنە" لەبەشێکی دیکەی یاداشتەکەدا ڕەخنە لە حکومەتی هەرێم دەگرێ بەوەی کە ساڵانێکە ئامارەکانی کوشتنی ژنان ڕاناگەیێنێت و ئاشکرایان ناکات. هەروەها بێدەنگی هەڵبژاردوە بەرامبەر بەو ئامارانەی لەلایەن ڕێکخراوەکان و کەمپینەکانی دژی کوشتنی ژنانەوە بڵاودەکرێتەوە. باس لەوە دەکەن کە بێدەنگی دەسەڵات بەرامبەر بە دیاردەی قێزەونی ژنکوشتن، هۆکارێکی سەرەکی فراوانبوونەوەی ئەو دیاردەیەیە. لەکۆتایی یاداشتەکەدا ئاماژەیان بە کۆمەڵێک داواکاری کردوە لەوانە: ڕێگریکردن لەجێبەجێکردنی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٥) هەموارکراوی یاسای باری کەسێتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی(١٩٥٩) لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە و هەروەها تۆمارکردنی سکاڵا لەدادگای فدراڵی عێراق، سەبارەت بەنایاسایی دەرچواندنی یاسا هەموارکراوەکە. بێجگە لەوە داوایان لە حکومەتی هەرێم کردوە کە ژنان و کچان لەکوشتن بەناوی شەرەف و توندوتیژی بەرامبەریان بپارێزێت و ژنکوژەکان بدات بە دادگا و داڵدەیان نەدەن. هەروەها ڕێزگرتن لە ئازادییەکان و دانانی (یاسای نوێی کار) بەجۆرێک ڕەچاوی یەکسانی ژنان و پیاوان بکات.

ئۆکتۆبەر
10 ی ئازار/ مارسی 2025 ژمارە (104)




دوای خوێندنەوەی یاداشتەکە خۆپیشاندەران بەرەو سەهۆڵەکە بەڕێپێوان و ووتنەوەی دروشمی یەکسانیخوازی و بەرگری لە مافەکانی ژنان بەڕێکەوتن و دوای نزیکەی دوو کاتژمێر چالاکیەکە کۆتایی پێهێنرا.

شایانی ووتنە لە مەراسیمەکەدا خەڵاتی ڕیزلێنان بەخشرا بە بەهار مونزیر هەڵسوراوی بەرچاوی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان.

**سوید:**

١- بەشداری لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لە ناوەندی شاری ستۆکهۆڵم بە بەشداری چەند ڕێکخراو و لایەن ( لە ژێر ناونیشانی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان بۆ هاوپشتی و مافە ئینسانیەکانی ژنان و کچان).

٢- سازدانی مەراسیمێک بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسانی یەکسانیخواز و پێشکەوتوخواز بۆ ڕێزگرتن لە ٨ی مارس.

**بەریتانیا:**

١/ بەشداری لە خۆپیشاندانی چەندان هەزاری لەژێر ناونیشانی" ناڕەزایەتی یەک ملیۆن ژن لەبەریتانیادا" کە لەلایەن فیمینستەکانەوە سازدرابوو. بەرزکردنەوەی دروشم و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی حزب بەبۆنەی ٨ ی مارسەوە بەزمانی ئینگلیزی.

٢/ بەشداری سەوسەن سەلیم ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە پانێلێکی حزبی حیکمەتیست/ خەتی رەسمی تایبەت بە ٨ ی مارس.

٣/ مەراسیمێک بەبۆنەی ٨ی مارسەوە، لەلایەن ڕێکخراوەکانی: ژنانی کوردو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقیەوە سازدرا، کە هاوڕێیانی حزب بەشداری بەرچاویان هەبوو، تێیدا سەوسەن سەلیم سەبارەت بە ٨ی مارس و هێرشەکانی دەسەڵاتدارانی کوردستان و عێراق بۆسەر مافەکانی ژنان و بەرەنگاربونەوەی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان هەروەها دوا هەمواری یاسای باری کەسێتی عێراقی کە شەرعیەت دەدا بە زەواجی کچانی ٩ ساڵ قسەوباسی کرد. دواتریش دەشتی جەمال لەسەر کاریگەریەکانی هەمواری یاسایی باری کەسیتی لەسەر ژنان و منداڵان و چۆنیتی کارکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایە و ریسواکردنی سیاسەتێک کە مافەکانی منالان لەژێر پێدەنێت، قسەوباسی کرد.

**ئوستراليا:**

لە شاری سیدنی کۆمیتەی ڕۆژی جیهانی ژنان بە بەشداری و پشتیوانی نەقابە کرێکارییەکان لە ڕۆژی ٨ی مارس کۆبوونەوە و ڕێپێوانیان لە ناوەندی شاری سدنی دا بەڕێخست. دۆستان وهاوڕێیانی حیزب چالاکانە بەشداریان کرد و دروشمەکانی حیزب تایبەت بە ٨ی مارسی ئەمساڵیان بەرزکردەوە، و هەروەها بەیانی ڕێکخراوی دەرەوەی حیزبیان لە نێو بەشداراندا بەفراوانی بڵاوکردەوە.

**کەنەدا:**

١/ سەر لەبەیانی ٨ی مارس مەراسیمێک لەلایەن ڕێکخراوی (International women's Day)کە گەورەترین ڕێکخراوە لە باکوری ئەمەریکا سازدرا و هاوریانی حیزب بەشدار بوون لەم مەراسیمەدا. دوای نیوەڕۆش ڕێکخراوی ناوبراو ڕێپێوانێکی بەڕێخست و ڕێکخستنەکانی کەنەدای هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراق بە دوو لافیتەی گەورەو چەندین پلاکارد کەدروشمەکانی حزبیان لەسەر نوسرابوو، بەشداریان کرد.

٢/ لەکاتژمێر ٧ی ئێوارەش مەراسیمێک لەلایەن هەرسێ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، عێراق و حیکمەتیست/خەتی رەسمی یەوە ئەنجام درا. ڤیدیۆ کلیپێک کە بەبۆبەی ٨ی مارسەوە ئامادە کرابوو پیشانی ئامادە بووان درا. دواتریش وتەی سیاسی مەراسیم لەلایەن هاوڕێ سەردار عەبدوڵا حەمەوە بە ناوی هەرسێ حیزبی بەشدارەوە پێشکەش کرا کە تیایدا باسی لەهۆکاری ستەمی سەر ژنان کرد و هەروەها باسی لەگرنگی کەمپینی راوەستانەوە لەبەرانبەر هەمواری یاسای باری کەسێتی کرد.

**نەرویج:**

١/ فریدریکستاد: نیوەڕۆی ٨ی مارس کۆمیتەی ٨ی مارس کۆبوونەوەی خۆی لەبەردەم کتێبخانەی گشتی لە شاری فریدریکستاد ڕێکخست و خەڵکانێکی یەکسانیخواز بە گەرمی بەشدارییان کرد. لەو نمایشەدا هاوڕێیانێک لە حیزب بە تراکتەکانی حیزبەوە بەشدارییان کرد. هاوکات بەیاننامەی ڕێکخراوی دەرەوە بە زمانی نەرویجی سەبارەت بە ٨ی مارس بەناو ئامادەبووواندا بڵاوکرایەوە.



٢/ ئۆسلۆ: لە گۆڕەپانی یونگستۆرگە، مەیدانی کرێکاران، وەک نەریتێکی ساڵانە، کۆبوونەوەی نارەزایەتی کە لەلایەن کۆمیتەی ٨ی مارسەوە رێکخرابوو دەستی پێکرد و چەندین دروشم ووترانەوە کە جەختیان لە یەکسانی و بردنە سەرەوەی ڕۆڵی ژنان ئەکردەوە. شایانی وتنە کە بەشێک لە هاورێیانی حیزب بەشداری ئەم نمایشەیان کرد و تراکتەکانی حیزبیان بەرز راگرت. دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە ڕێرۆیشتن دەستی پێکرد کە بەناو شاری ئۆسلۆدا بەردەوامی پەیدا کرد.

**دانمارک:**

کۆبونەوەیەکی جەماوەری لە سەنتەری کۆپنهاگن کە لەلایەن کۆمیتەی ژن، ژیان، ئازادی، وە رێکخراوی DEMOکە رێکخراوێکی چەپن لەگەڵ KFSرێخراوی ژنان لە دانمارک، کە رێکخراوێکی ژنانی چەپ و رادیکاڵن، سازدراو هاورێیانی حزب بەشداری بەرچاویان تێدا کرد. قسەکەری کۆمیتەی ژن، ژیان ئازادی ، ناهید ریازی هەڵسوراوی دیاری ژنانی ئێرانی، ئاماژەی بە هەڵسوراوانی کوردستان و عێراق و کەمپینی دژی یاسای باری کەسێتی بەشوودانی منداڵانی ٩ ساڵان کردو وە داوای لە ئامادەبوان کرد واژۆی خۆیان لە کەمپینی دژی یاسای باری کەسێتی بدەن کە رێکخستنەکانی حزب ئامادەیان کردبوو.

**فینلەندا:**

کۆمیتەی فینلەندای حیزب و رێکخراوی ژنانی عێراقی مەراسیمێکیان بۆ شکۆدارکردنی هەشتی مارس سازکرد کە ژمارەیەکی بەرچاو ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز و هەڵسوراوانی بزوتنەوەی یەکسانیخواز ی تێیدا بەشدار بوون. ئالا فەرەج بەرپرسی رێکخراوی ژنانی عێراقی لەسەر دۆخی ژنان و جێگەورێگەی پلەدویی ژن لە وڵاتانی جۆراوجۆر راوەستا و لەسەر پێویستی روبەڕوبوونەوەی یاسای بە شودانی منداڵانی کچ لە عێراق کە لەلایەن هێزە ئیسلامی و قەومیەکانی دەسەڵاتدارەوە دەنگی پێدراوە، قسەی کرد.

دواتر ابراهیم حسێن وتەی کۆمیتەی فینلەندای حیزبی پێشکەش کرد و تێیدا لەسەر ستەمکێشی ژن وەک بەشێک لە پیداویستیەکانی سیستەمی سەرمایەداری و هەروەها سەبارەت بە یاسای بەربەریانەی زەواجی منالانی کچ قسەوباسی کرد. دوای ئەویش "تولّلا هەتاینێن" وەزیری پێشووتری کار کە هەڵسوراوێکی ژنی سۆسیال دیموکراتە، لە وتەکەیدا دژی ئەو یاسا قێزەونە وەستایەوە. پاشان "تینا سالدێنبێرگ" لە حیزبی کۆمۆنیستی فینلەند و ئەندامی کۆمیسیۆنی ژنانی چەپ لە پەرلەمانی ئەوروپا، ووتەیەکی پێشکەش کردو یاسای باری کەسێتی عێراقی ئیدانەکرد و پەیمانیدا کە راستەوخۆ بە ناوی حیزبی کۆمۆنیستی فینلەندەوە و ئیدانەی بکەن و هەروەها ئەم بابەتە لە ئاستی کۆمیسیۆنی ژنان لە پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا بوروژێنێ.

**ئەڵمانیا:**

١/ شاری کۆڵن: کۆمیتەی ئەڵمانیای حیزب لە شاری کۆڵن بەهاوبەشی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران حیکمەتیست خەتی رەسمی، مەراسیمی هەشتی مارسی بەرێخست. پەیامی حیزب لەلایەن گەشاو رەحیم پیشکەش کرا کە تێیدا پێداگری لەسەر وەستانەوە دژی یاسای باری کەسیتی و بەشوودانی منالّی کچی نۆ ساڵان کرد.

٢/ شاری کارلسرۆ

هاورێیانی حیزب لە شاری کارلسرۆ، بەشداری کۆبوونەوەیەکی گشتیان کرد بەبۆنەی ٨ی مارسەوە کە هەموو ساڵێک لەلایەن ریکخراوە چەپ و کۆمۆنیست و فیمینیستیەکانەوە بەرپا دەکریت، نزیکەی دووهەزار کەس بەشداربوون و دواتر بەرێپیوان بەرەو سەنتەری شار Konrad platztبەرێکەوتن کە چەندین کاتژمێری خایاند.

★

تەمەنی یاسایی کامڵبوونی جنسی بۆ ژن و پیاو ١٦ ساڵە. پەیوەندیگرتنی جنسیی کەسانی گەورەساڵ (سەرووی تەمەنی یاسایی کامڵبوون)، لەگەڵ کەسانی خوار تەمەنی یاسایی، تەنانەت ئەگەر بەڕەزامەندی خۆشیان بێت، قەدەغەیە و بەتاوان دەژمێردرێت.

# با بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاساو ریسواکردنی سیاسەتێک بێینە مەیدان کە مافەکانی مناڵان لەژێرپێدەنێت

## وتاری دەشتی جەمال لە مەراسیمی ٨ی مارسی لەندەن

ژنانوپیاوانی ئازادیخوازو یەکسانیخواز

٨ی مارس ڕۆژی خەباتو تێکوشان دژ بە ستەمکێشی و جیاکاریونایەکسانی بەرامبەر بە ژنان لەئێوەو ژنانی عێراقوکوردستان جیهان بەگەرمی پیرۆزبایی دەکەم.

ئەمرۆ، دەمەوێت باس لە پرسێکی نامرۆڤانە بکەم کە هەم بە قووڵی ناخهەژینە و هەم بەرپرسمان دەکات لە ڕووبەڕووبوونەوە وڕاوەستان بەدژی وە دروستکردنی داهاتوویەک کە هەموو منالانو ژنان بتوانێت بەبێ ترس و سنووردارکردنیان خەونەکانیان بەدیبهێنێن، ئەویش هەمواری یاسای باری کەسێتی عێراقە بەپێی مەزهەبەکانی سونەو شێعە و پرسی بەشوودانی منداڵانە بەپێی یاسای شێعەی جەعفەری.کە ئەم دواییانە پەرلەمانی عێراق لەسات و سەودایەکی قیزەوەندا پەسەندیکرد و ڕێگە بەهاوسەرگیری کچانی منالٚ دەدات.،ئەگەر چی لە قانوونەکەدا تەمەنی ١٤سال دیاریکردوە بەلام دەسەلاتی دادوەری لاواز دەکات ودەسەلات دەدات بەپیاوانی ئاینی وددووشاهید کە بەپێ مزهەبەکان منالانی ٩ساڵیش مارە بکات.پەسەندکردنی ئەم یاسایە هاوپیچ بوو بە دوو پرۆژەیاسایتر کە لەتوافقی نابەرپرسیارانەی فراکسیۆنی کورد وشیعەوسونە بەرامبەر بە دەنگدان بەپرۆژەی لیبوردنی گستی لەلایەن سونەکانو وەگیرانەوەی ئەو موڵکانەی لەسەردەمی رژیمی بەعس دەستی بەسەردا گیرابوو بۆ کوردەکان دەنگیان بەم یاسا کۆنەپەرستانەیەدا کەدەبێ یەکیتی وپارتی ولایەناکانی تر بکەونە بەردەم نەفرەت ونارەزایەتی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان لەهەر جێگایەک بن.

ئەم یاسایە نەک تەنها هەموو دەسەڵاتێک لە ژنان وەردەگرێتەوە لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا و دەسەڵاتی رەها دەداتە دەست پیاو لە مەسەلەی میرات و سەرپەرشتی منالٚ و نەفەقە، بگرە تەندروستی جەستەیی و دەروونی منداڵانی تێکدەشکینی ومنداڵان لە خوێندنو مافە سەرەتاییەکان بێبەشدەکات دەستدریژی ئاشکرایەبەدژی منالان،وە پێشیلکاریەکی ترسناکە بۆ مافەکانی مروڤ.

ئێمە ئەمرۆ دەنگمان بەرز دەکەینەوە، نەک تەنها بۆئەوەی دژی قسە بکەین، بەڵکو داوای هەڵوەشاندنەوەو کۆتاییهێنان بەویاسا قیزەونو ژنگگرتوە دەکەین بۆهەمیشە.

هاوسەرگیری منداڵان پێشێلکارییەکی وێرانکەری مافەکانی منداڵە – بەپراتیککردنی کچانی منالە کە بچنە ناو ژیانی گەورەساڵانەوە پێش ئەوەی شانسی گەشەکردنیان هەبێت و فێربن و چێژ لە ژیانی منالٚیان ببینن! ئەمە ئازاردانە، ئازاردانێکی جەستەیی و دەروونی، جۆرێکە لە ئەشکەنجەدان، کە منالان لە داهاتوویان دەدزێت.

بەداخەوە لەچەند جێگەی ئەم جیهانە هێشتا بەدەیان هەزار منال پیش تەمەنی ١٨سال دەخرینە نیو ژیانی هاوسەرگیریەوە.. ئەمانە تەنها ژمارە نین، ئەوان کچانی گەنجن، خەونیان هەیە، هیوایان هەیە، توانایان هەیە. ئارەزوویان هەیە...ئەوان منالان ،داهاتووی کۆمەڵگەن، شایەنی ژیانێکی شایستە و هاوچەرخ و ئارامن.

لەکوردستان و عێراق لەژێرسایەی ئەوسیستەم و دەسەڵاتدارێتی ناسیونالیستی و دینی و میلیشیاییدا ، ژنان بەشێوەیەکی بەردەوام ڕووبەڕووی کوشتن و توندوتیژی و ئەتکردن و گێچەڵی سێکسی و سوکایەتیکردن و ناچارکردن بەخۆسوتاندن و بیمافیەکی سیستەماتیک دەبنەوە. منالان لەسەرەتایترین مافەکانیان بێبەشن، سیستەمی پەروەردەی ناتەندروست بەرێوەدەچێت کە لە قوتابخانەکان لێدان و توندوتیژی و ئازاردان و ترساندنی منداڵان پەیڕەوی لێ دەکرێت. کاری منداڵان لەسەر شۆستە و شەقام و ناوبازاڕ یان لە شوێنە پیشەسازی و کێڵگە کشتوکاڵییەکاندا رواجی هەیە. ئەمە سەرباری دەستئاوەڵاکردنی هەندێک مامۆستای سەر بە ڕەوتە ئیسلامیەکانبۆ بەزۆر فێرکردنی نوێژ و ترساندنی منداڵان بە جەهەندەم و خورافات و کۆنەپەرستی.

لەپال ئەمانەدا چەند سالی رابردوو لە کەمپی پەنابەریەکانی ئاوارەکانی سوریا دیاردەی بەشودانی منالان بەشیوەیەکی بەردەوام بەریوەچووە کە لەوبارەوە ئێمە کەمپەینمان بەریخست بۆ راگرتنی ئەم دیارە قیزەوەن و نامرۆڤانەیە....بەلام ئەمرۆ پەرلەمانی عیراق بە یاسایی دەکات لەکاتیکدا هەرخودی ئەو پەرلەمانتارانەی دەنگیان بەو یاسایە داوە، ئامادەنین منالەکانی خۆیان بخەنە بەردەم ئازاردان ودووگیانی پێشوەخت بۆ منالەکانیان.

ئەم هەنگاوەی پەرلەمانی عیراق ⇦

نەک تەنها پاشەکشەیەکی ترسناک و جەرگبڕە لەمافەکانی ژنان و پێشێلکردنی بنەماکانی پاراستنی منداڵ و پەکخستنی پێشکەوتنی یاسایی و کۆمەڵایەتیە لە کۆمەلگەی عێراق، بەڵکوزالکردنی هاوسەرگری مەزهەبیە بەسەر زەواجی مەدەنی و پێچەوانەیە بەهەمووپێوانە نیو دەولەتیەکان لەبارەی مافەکانی منالانەوە.

ئێمە ناتوانین ڕابوەستن و بیدەنگ بین لەئاستی ئەم کارەساتەدا. هەڵوەشاندنەوەی یاسای بەشودانی منداڵان تەنیا داوایەکی ئەخلاقی نییە؛ پرسێکی مافی مرۆڤە.پرسی ژیانوداهاتووی کۆمەڵگایە. کۆمەلگایەک کە لەسەریتی مندالان لە ژیانێکی بەختەوەر و ئاسودە و داهێنەرانە بەهرەمەند بکات. پێویستە لە خۆمان بپرسین: چۆن دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە کۆمەڵگایەکمان هەبێت کە بەهای ئازادی و یەکسانی وخۆشگوزەرانی هەبێت، کاتێک ڕێگە بەوە بدەین یاسایەکی لەم چەشنە نامرۆڤانەیە لەکۆمەلگاکەماندا حاکم بێت؟

ئێمەش بەرپرسیارێتی پاراستنی منداڵانمان لە ئەستۆیە. منداڵ نابێت بووک بێت. نابێت منداڵ بە زۆر بخرێتە ناو ژیانێکەوە کە ئامادە نییە بۆی. نابێت منداڵ وا لێبکرێت قورسایی گرێبەستی هاوسەرگیری هەڵبگرێت پێش ئەوەی تەنانەت تەمەنیشیان ئەوەندە بێت کە تێبگەن کە هاوسەرگیری، هاوبەشی ژیان، دایک و باوک بوون مانای چییە.

ئێمە لەسەرەتای ڕەشنوسی هەمواری یاسایی باری کەسیتی کە گروپێکی زۆرینەی پەرلەمانی عێراق هێنایەنە پیشەوە بەتوندی رووبەرووی بوینەوە لەئاستی دەرەوە ولەناوەوەی عێراق، رێکخراوەکانی داکۆیکار لەمافەکانی ژنانو منالان هاتنە دەنگ. لێرە سەرباری چەندین خۆپیشاندانی نارەزایەتی و واژوکۆکردنەوە بەدژی ئەو یاسایە، دەیان رێکخراوی ژنانویەکیتی کریکارییو ریکخراوی مافی مرۆڤ و پەرلەمانتاری ئەوروپامان ئاگادارکردوەتەوە کە فشار بخەنە سەر پەرلەمانی عێراق وحکومەت بۆ هەڵوەشاندنەوە یاسای بەشودانی منالان.

ئەمرۆ داوا لە هەر یەکێک لە ئێوە دەکەم کە بەشداری شەڕی دژی شوودانی منداڵان بکەن. بۆئەوەی لەپێناو ئەو منالە کچانەدا بێینەدەنگ کە ناتوانن بۆخۆیان قسە بکەن و بەرگری لەخۆیان بکەن. بۆئەوەی لەدژی ئەو کولتوورەدواکەتوو و نامرۆڤانەیە دەنگ هەڵبڕین کە ئەم نادادپەروەرییە دەکەن بەبەری کۆمەڵگای مودێرنی عێراقدا. با بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاساو ریسواکردنی سیاسەتێک بێینە مەیدان کە مافەکانی منالان لەژێر پێدەنێت. لە هەموو شوێنێک بەدەنگی بەرز نارەزایەتی دەربرین وبڵین دەستان لەسەر منالەکانمان هەڵگرن با بخوێنن و بەدوای خەونەکانیدا بگەڕێن و داهاتووی خۆیان هەڵبژێرێن وەژیانێکی دوور لە هەڵاواردن و هەژاری و برسیەتی و کارپێکردن بەسەربەرن.نارەزایەتیەکانی ئەم دواییانەی مامۆستایان فەرمانبەران دەوری بەرجەستەی ژنانی نیشاندا کەئەوان دەتوانن هیزێکی کاریگەربن بەرامبەر بەدەسەلاتدارانی کوردستان بۆ ئازادی ویەکسانی.ئیمەش دەتوانین نۆینەرایەتی دەنگی ئەوان بکەین بۆ گوارنکاری بۆ بنیاتنانی ژیانیکی شایستە بۆمافەکانی ژنانو منالەکانمان.

★

## یەکیتی کرێکارانی خزمەتگوزاری گشتی و بازرگانی نامەیەکی نارەزایەتی دژبە هەمواری یاسایی باری کەسێتی ئاراستەی باڵوێزخانەی عێراقی لە لەندەن کرد

لەسەر داوای دەشتی جەمال بەرپرسی رێکخراوی دەرەوەی حزب ، بەرواری ٩ئازاری ٢٠٢٥، بەرێزجۆن مۆلۆنی یاریدەدەری سکرتێری گشتی یەکیتی کریکارانی خزمەتگوزاری گشتی وبازرگانی لە بەریتانیا سەبارەت بەگۆرانکاریی ئەم دواییانە سەبارەت بە هەمواری یاسایی باری کەسێتی لە پەرلەمانی عێراق نامەیەکی نارەزایەتی ئاراستەی محەمەد جەعفەر ئەلسەدر باڵوێزی عێراقی لە بەریتانیا دەکات و لە نامەکەدا هاتووە "من بەناوی سەندیکای PCSکە گەورەترین سەندیکای خزمەتگوزاری شارستانییە لە بەریتانیا ئەم نامەیە دەنوسم. ... ئێمە لەڕادەبەدەر نیگەرانین وهەروەها گرنگیەکی تەواو بەم بابەتە دەدەین کە پەرلەمانی عێراق هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسیتی وڵاتەکەی پەسەندکردووە کە لەڕاستیدا هاوسەرگیری منداڵان بە یاسایی دەکات. ..".

ئەوەش دەڵێت"هەموارکردنی ئەم یاسایە دەرگا دەکاتەوە بۆ بەیاساییکردنی هاوسەرگیری تۆمارنەکراو، کە زۆرجار بۆ خۆدزینەوە لە یاساکانی هاوسەرگیری منداڵان بەشیوەیەکی ڕەسمی بەکاردەهێنرێت، هەروەها لابردنی سزا بۆ ئەو پیاوە پێگەیشتوانەی کە دەچنە ناو ئەو جۆرە هاوسەرگیرییانە و پیاوانی ئایینی کە ئەنجامی دەدەن. ... ئەم گۆڕانکاریانە مافەکانی ژنان و کچان پێشێل دەکەن، جیاکاری و هەڵاواردن دروستدەکات و ڕێگە بە کچانی تەمەن نۆ ساڵان دەدات هاوسەرگیری بکەن. ...".

هەروەها دەڵێت: " هاوسەرگیری

منداڵان نەک هەر کچان لە خوێندن بێبەش دەکات، بەڵکو کچانی خوارتەمەن کە هاوسەرگیری دەکەن زیاتر بەرەورِووی دەستدرێژی سێکسی و جەستەیی دەبنەوە، هەروەها توشی مەترسییەکانی تەندروستی پەیوەست بە زوو دووگیانی دەبنەوە. یاساکە پێشێلی ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتیانەن کە عێراق پەسەندی کردوون، لەوانەش رێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەک لە دژی ژنان (CEDAW)و رێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ .(CRC)

Public and Commercial Services Union | pcs.org.uk pcs

دەستەبەرکردنی سەلامەتی و کەرامەت و مافەکانی ژنان و کچان تەنها ئەرکێکی دەوڵەت نییە لە ژێر یاسای نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ بەڵکو بنچینەییەکی ئەخلاقییە کە دەبێت هەموو دامودەزگاکانی عێراق بیپارێزن.

هەروەها جۆن مۆلۆنی ئەوەش دەڵێت"بۆیە یەکێتیەکەمان داوا لە حکومەتی عێراق دەکات کە گۆڕانکارییەکانی یاسای باری کەسێتی هەڵبوەشێنێتەوە بۆ ئەوەی ئەگەری هاوسەرگیری منداڵان قەدەغە بکرێت و یاساکان بگۆڕێت بۆئەوەی بە تەواوی پابەند بێت بە پابەندبوونەکانی لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا. .."

☆

# با ئەم جیهانە لنگەوقوچە ئاوەژووبکەینەوە!
# بەبۆنەی یادی ٨ ی مارسەوە

تائێستا بەمشێوەیە سیستەمی سەرمایەداری کە جیهان بەڕێوە ئەبات دارِزینی خۆی نیشان نەداوە. سەرباری جەنگ و تاوانکاری و درِندەیەتی و وێرانکاریەکان کە بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییان هێناوە، قورسترین بارگرانیەکان بەسەر شانی ژنانەوەیە. ئەوە ژنانن کە رِووبەرِووی تەحەددیاتەکانی وەک کاری بێ کرێ لە چەشنی کاری ناوماڵ و بەخێوکردنی مناڵان، کرێی نایەکسان بەرامبەر بە کاری یەکسان، هەژاری، دەسرِانەگەیشتن بە خوێندن و چاودێری تەندروستی و نەبوونی ئاسایشی خۆراک بوونەتەوە.

هاوکات ژنان دووچاری بازرگانی کردن بە مرۆڤ و چەندین شێوازی توندوتیژی و هەراسانکردن چ جەستەیی یاخود لەرِێی سۆشیال میدیاکانەوە و هەڵاواردنێکی فراوان بوونەتەوە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. ژنان وەک هاوڵاتی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە لە ئاسیای دوورەوە تاکو رِۆژهەڵاتی ناوەرِاست، لە رِۆژهەڵاتەوە تاکو رِۆژئاوا. جگە لەوەش، ژنان وەک ئامرِازێکی هەرزانی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوە چاویان لێکراوە. ئەمە دیاری دەستی سەرمایەداریە بۆ ژیانکردن وەک ژن (یان مێینە) بەمجۆرە و لە هەلومەرجێکی بەمجۆرەدا.

سەرکردەکانی ئەم سیستەمە، کە لەلایەن دەوڵەتە ئیمپریالیست و زلهێزەکانەوە نوێنەرایەتی ئەکرێت، بەجۆرێک رِەفتار ئەکەن وەک ئەوەی یارییەک بکەن و مرۆڤایەتیش ئەو داشانە بن کە ئەوان ئەیانجوڵێنن. جەنگ ساز ئەکەن و خانەولانەی خەڵکی مەدەنی و بێتاوان خاپور ئەکەن. هەروەک بینیمان کە لە غەززە و کەناری رِۆژئاوا و زۆر شوێنی تر لە فەڵەستین زۆربەی هەرەزۆری ماڵوحاڵی خەڵکیان وێران کرد. کەچی دواییش لە دنیای خەیاڵی خۆیاندا، وێرانەکانیان بنیات ئەنایەوە و رِزگاربووانیشیان ماڵبەدەر ئەکرد. ئەمە ئەو یاری و بازرگانیەیە کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی دیموکراسیەوە پیادەئەکرێ.

دواکەوتوویی و کۆنەپەرستی لە هەلومەرجێکی وەهادا بێگومان لە فراوانترین ئاستی خۆیدا سەرهەڵئەداتەوە. هەروەک لەم دوایانەدا بینیمان هاوسەرگیری مناڵان لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە رِەوایەتی یاسایی پێدرا. ئەمە ئیتر ئاوەژووبوونی ئەم سیستەمەیە کە ئەبێ بخرێتەوە جێگەی خۆی. ئەگەر ئەمانەوێ لە دژی هەڵاواردنی ژنان بوەستینەوە، ئەگەر ئەمانەوێ توندوتیژی دژی ژنان رِابگرین وە ئەگەر ئەمانەوێ کۆتایی بە هەموو شێوەکانی ستەم لە دژی ژنان بهێنین، ئەوا ئەبێ دژی سیستەمێک بوەستینەوە کە ئەم هەلومەرجەی خوڵقاندووە.

لەگەڵ ئێمە دژی چەوسانەوە و ستەمی سەر ژنان بوەستنەوە. لەگەڵ ئێمە خەبات بکەن لەدژی هاوسەرگیری مناڵان. بانگەوازی تەواوی یەکسانیخوازان و ئازادیخوازان ئەکەین کە لەدژی ئەم تاوانە بوەستنەوە.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**رِێکخراوی دەرەوە**
**٢٨ ی فێبریوەری ٢٠٢٥**

# ناوەندیکردنەوە یا فیدراڵیەت لەئایندەی حکومەتی سوریادا!

## عوسمانی حاجی مارف

له پرۆسەی کاریگەری دۆخێکی پڕ له گێژاوی سیاسی و نالەباری چوارده ساڵەی سوریا و بەردەوامی شەڕی ناوخۆدا، شتێک نەماوه به ناوی دەوڵەتی ناوەندی و یەکگرتوو، ناوچەکانی سوریا تەواو لەیەک دابڕاون.

ئەحمەد شەرع و گروپەکەی هەیئەی تەحریری شام که وەک نوێنەری ئیسلامیەکی سونه مۆریان داوه له پێگەو هەڵسورانی سیاسیان، دانیشتوانی سوریاش زیاتر له دوو لەسەر سێی له سونه پێکهاتووه، هەر بەناوی ئەو نوێنەرایەتیه و زۆرینەی دانیشتوانی عەرەبی سونەوه، ئەحمەد شەرع له هەوڵی پاوانخوازی دەسەڵاتدایه و بانگەشەی ناوەندیبونەوەو یەککرتوویی دەوڵەت و حکومەت دەکاتەوه. بەلام ئەو پرسیاره دێته پێشەوه ئایا ئەحمەد شەرع دەتوانێت لەژێر عەبای عەرەبی سونەدا و له دۆخی ئێستای ناوچەکەدا پارێزەی سەرمایەو سیستمی سەرمایەداری بێت؟ ئایا دەتوانی سوریا یەکگرتوو بکاتەوه؟ یان بەشێک دەبێت له درێژەدان بەشەڕی ناوخۆ و بەو گێژاو و دۆخه نالەبارەی که چواردەساڵه گیرۆدەی سوریا بووه.

دوای ئەوەی شەرع سەرکردایەتی ئەو هێرشەی کردکه شارەکانی حەڵەب و دیمەشقیان گرتەدەست و ئەسەد دەستبەرداری دەسەڵاتەکەی بوو، پاشان بەزوویی ئەحمەد شەرع حکومەتی راگەیاند، بەلام ئەوەی جێگای سەرنجه شەرع بیرۆکەی سیستەمی فیدراڵی بۆ پێکهێنانی حکومەت بەگونجاو نازانێت، لەبەرئەوەی ئاواتەخوازه سیستەمێکی سیاسی ناوەندی دروست بکات و لایەنەکانی تر بەشدار بن له حکومەتەکەیدا ! هێزه چەکدارەکانیان بکەنه بەشێک له "سوپای نیشتمانی" واته ئەو سوپایەی که میلیشایاکانی خۆی سەرکردایەتی دەکات.

حکومەتی شەرع کۆنترۆڵی بەشێک له خاکی سوریای بەدەستەوەیه، که زۆربەی شارەکانی رۆژئاوا و بەشێک له لادێکانیش دەگرێتەوه. بەلام له دۆڵی فوراتەوه بەرەو رۆژهەلات هیچ مەیلێکی لایەنگری بۆ هەیئەت تەحریر شام بەدی ناکرێت. لەکاتێکدا هێزەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەحمەد ئەلعەودەی یاخیبووی پێشوو لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی باشوور، نایانەوێت لەگەڵ سوپای نوێی سوریا یەککرنەوه، لەباکوری رۆژهەلاتیش هەسەده، گەرچی سەرقاڵی گفتوگۆن لەگەڵ ئەحمەد شەرعدا، بەلام بەهەستیاریەوه مامەڵەی ئەو پەیوەندیه دەکەن و مەیلی یەکگرتن لەگەڵ سوپایەکی ناوەندی نیشتمانیدا لەژێر دەسەلاتی هەیئەی تەحریری شام دا نیشان نادەن

له شوێنەکانی دیکەی باکوور، میلیشیاکانی لایەنگری تورکیا بەناوی "سوپای نیشتمانی سوری" یەوه، دەستیان بەسەر شوێنه سەربازیه ستراتیژی و قەلا سەرەکیەکان له عەفرین، جەرابلوس و ناوچەیەکی جیا لەنێوان تەل ئەبیاد و رەئس ئەلعەین دا گرتووه. رۆژی ٢٩/١/٢٠٢٥، تورکیا سەرۆکی ئەم گرووپه، سەیف ئەبوبەکری ناچار کرد له دیمەشق پیرۆزبایی شەخسی له سەرۆک کۆماری نوێ بکات، بەلام تائێستا ئەمه تاکه ئیمتیازێکه که به ئەحمەد شەرعیان داوه. ئەم دوو سەرکردەیه شەرع و ئەبوبەکر، مێژوویەکی دووروودرێژیان له دوژمنایەتی بەرامبەر یەکتر هەیه، بەتایبەتی که زۆرێک له چەکدارانی سوپای تازەی سوریا که چەکداره کۆنەکانن له شەڕه خوێناویەکانی دژی هەیئەی تەحریر شام بۆ کۆنترۆڵکردنی پارێزگای ئەدلەب له نێوان ساڵانی ٢٠١٧ بۆ ٢٠٢٠ بەشدارییان کردووه.

ئەوەی دەیبینین سەرەڕای هەر هەوڵێک له گفتوگۆو دانوسان لەنێوان هەسەدەو شەرع دا، بەلام هەسەده مەیلی بەلای پاراستنی سەربەخۆیی و پێگەی دەسەلاتی خۆیدایه له بەرامبەر حکومەتی ئێستای سوریادا، لەهەمانکاتدا دروزەکان کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر پارێزگای سویدەدا درێژکردووەتەوه و رێگری دەکەن له چوونه ناوەوەی هێزەکانی هەیئەی تەحریر شام. له ناوچه کەناراوەکانی عەلەوییەکان، لەکاتی سەردانەکەی شەرع بۆ لازقیه و تەرتووس له ١٦ی شوباتدا تەنها لەلایەن پێکهاته عەرەبه سوننه ناوخۆییەکانەوه ئاهەنگ گێڕدرا. عەلەوییەکان – مەزهەبی بنەماڵەی ئەسەد و بنکەی کۆمەلایەتی رژێمی پێشوو- بەشدارییان له ئاهەنگەکاندا نەکرد، خۆیان له گەڕەک و گوندەکانیاندا گۆشەگیرکرد. هەروەها بەرپرسانی پێشووی رژێم میلیشیای نوێیان دروست کردووه بۆ پاراستنی ناوچەکه وەک پەناگەیەکی شاخاوی قەلادار بۆ عەلەوییەکان، ئێستاش لەشەڕێکی خوێناویدان و کوشتارێکی زۆر له هەردوولایاندا هەیه.

ئەم باروودۆخه ناوخۆییه هەمەچەشنه و هەروەها دەستێوەردانی بەردەوامی ئیسرائیل و تورکیا ئەوه دەردەخات که شەرع ناتوانی ئایندەیەک له

سوریا بەدەست بهێنێت کە حکومەتێکی ناوەندی و یەکگرتوو لەسایەی پێشڕەوی هەیئەی تەحریردا دامەزرێنێت. تێکەڵکردنی هەموو ئەو کوتلە و گروپە نەتەوەیی و تائیفیە چەکدارانە لەژێرسایەی هێزێک بە ناوی نوێنەرایەتی عەربی سونەدا هیچ گرەنتیەکی نیەو ئیمکانی نیە بتوانێ نیشاندەری ئەزمونی حکومەتی وولاتێک بێت کە ئازادی و پێکەوەژیان تیادا گونجاو بێت. بەڵام ئەوەی شایانی باسە دانیشتوانی سوریا خۆیان مەیلیان هەیە بە هەر پێکهاتەیەکەوە، سەربەخۆ و بەجیا و بەدور لە دەسەڵات و رۆڵی هەر هێزێکی نەتەوەیی و ئیسلامی و تائیفی، بسازێن و پێکەوە ژیان بکەن، بەڵام ئەحمەد شەرع و ریکخراوەکەی کە لە پاشماوەکانی داعش و قاعیدەن لەدواجاردا سەرکەوتنیان لەوەدایە کە لەرێگەی پاوانخوازی بۆرجوا ناسیۆنالستی عەرەبی و سونە مەزهەبەوە بەریوەبەرایەتی سەرمایەگوزاری لە سوریادا بکەن، بەم شێوەیەش مانایەک نامێنێتەو بۆ ئەزمونێکی سەرکەوتو بەناوی حکومەتی ناوەندی و جێگیربونی ئازادی و پێکەوەژیان.

ئەتوانین بڵێین کە پرۆژەی شەرعیەتی سیاسی لەسەر بنەمای ناوەندیبونەوەی دەسەڵات و یەکگرتنەوەی سوریا لەگەڵ واقیعی ئێستای دۆخی سیاسی سوریاو پێگەی هەیئەی تەحریر ناکۆک و نەگونجاوە. شەرع وەک هێزێکی ئیسلامی ناسراو بە تیرۆریست ناتوانێ نوێنەرایەتی یەکگرتنەوەی سوریا بکات، مەگەر ئەمریکاو ئیسرائیل پشتیوانی بکەن؟!.

لەئێستادا هەوڵی سەرەکی یەکخستنی گروپە جیاوازەکانی عەرەبی سونىە بۆ سوپایەکی نوێی نیشتمانی دوای هەڵوەشاندنەوەی سوپای پێشوو، چەسپاندنی داهاتووی دەسەڵاتی ئەحمەد شەرعە بە رێگایەکی بیروکراسی کە لە دیمەشق و ناوچەکانی دەوروبەریدا جێبەجێی دەکات، بەگرتنەبەری ئەو رێبازە توندەی کە پێشتر لە ئەدلب پیادەی کردووە. هەرچەندە شەرع پرۆسەی"دیالۆگی نیشتیمانی" دەستپێکرد، بەڵام لە گفتوگۆکانی دەستپێکردندا بەهۆی هەوڵدانی بەپەلەو جۆری تەرحەکانی بۆ ریکخستنەوە، پرسیارو گومانی لەسەر شەرع دروستکردو زیاتر پەرچەکرداری لێکەوتەوە.

هەرلەم دۆخەدا پێشنیارێکی تر کە بۆ ئایندەی حکومەتی سوریا دەخریتەروو، پێکهێنانی حکومەتێکی فیدرالیە، پێدەچێت ئەم پێشنیارە زیاتر بەشێک بێت لە هەوڵەکانی ئەمریکا، کە لەو سەرچاوەیەوە دەخرێتەروو کە هەستی دژە ئیسرائیل لەنێو سوریەکاندا کەم بێتەوە و ئیسرائیل بتوانێ مامەڵەو گەمەی سیاسی خۆی لە سوریا پەیرەوی بکات، هەروەک چۆن ئەمریکا دوای روخانی سەدام فیدرالیزمی بەسەر عێراقدا سەپاند، تا لە بەرژەوەندی ئیسرائیل عێراق لاواز بکات، ئەزمونی ئەم فیدرالیە و حکومەتی بەشبەشێنە لە عێراقدا بۆتە بەڵایەکی گەورە بەسەر ژیانی خەڵکی کوردستان و عێراقەوەو سەرچاوەی بەردەوامی ناجێگیری و گێژاوی سیاسیە، کە لە هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسیدا پێگەو هاوسەنگی هێزەکان دەبێتە مایەی توندبونەوەی گرژی و ئاڵۆزی و سەرگەردانی، هەربەم شێوەیەو نمونەی ئەزمونی عێراق و دوبارەبونەوەی لە سوریا، ئاکامێکی نەرێنی لە دۆخی سوریادا دەخولقێنێت.

بونی ئەحمەد شەرع و هەیئەی تەحریر لە هەردوو حاڵەتی ناوەندیکرنەوەی حکومەتی سوریا یا حکومەتی فیدراڵی و دابەشکردنی سوریا لەسەر بنەمای نەتەوەو ئاین و تائیفە، هەرگیز ناتوانێ نمونەو ئەزمونێکی سەقامگیری و ئارامی سیاسی بێت، دانیشتوانی سوریا بە هەموو پێکهاتەکانیانەوە ناتوانن بە ئاسودەیی ژیان و گوزەران بکەن، فیدرالیزم دەسەپاندنی سیستمێکی کۆنەپەرستانەو دژ بە ئینسانیەتە، فیدراڵیزم یارمەتیدەرە لە دابەشبونی تائیفی لە سوریا و پەرەپێدانی دابەشکردنی دەسەڵاتە بەشێوەیەکی نادادپەروەرانەتر، تەحەدایەکی گەورەیە لەبەرامبەر دەخالەت و بڕیاری خەڵک بۆ دیارکرنی چارەنوسی خۆیان.

لەم بارەیەوە هەر هەوڵێک لە سوریا و عێراق بدرێت بۆ حکومەتێکی ناوەندی لە یەکگرتنی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئیسلامی و تائیفی یا حکومەتێکی فیدراڵی دابەشکراو لەسەر بنەمای نەتەوەیی و ئیسلامی و تائیفی هەمیشە لەسەر تەقینەوەی بورکانی جەنگ و کارەسات و تراژیدیایەکدا راوەستاو دەبێت، دامەزراندنی حکومەتی ناوەندی دەبێت لەسەر بنەمای بەرەسمی نەناسینی هەر دین و نەتەوەو ئایدۆلۆژیەک بێت لە دەوڵەتدا، دەوڵەتێک بێت بەمانای رەسمیەتدان بەناسنامەی هاوڵاتیبوون و ئازادی و پاراستنی شکۆی ئیسانەکان کە سەر بە هەر دین و نەتەوە تائیفەو هەر بیروباوەر و بۆچونێک بن، پێکهێنانی دەوڵەتێکی سکولار و نانەتەوەیی و بەرەسمیەت ناسینی ناسنامەی هاووڵاتیبون دەتوانێ زەمانەتی یەگرتوویی و پێکەوە ژیان بکات.

★

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی
عوسمانی حاجی مارف
00964(0)7701570050
Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی
خەسرەو سایە
00964(0)7701511043
saya.xasraw@yahoo.co.uk
بەرپرسی رێکخراوی دەرەوە
دەشتی جەمال
0044(0)7856032991
dashtyjamal@gmail.com
بەرپرسی پەیوەندیەکان
فواد سادق
00964(0)7732499966
foadsadq@yahoo.com